کوردستانێکی ئازاد گەلێکی یەکسان

# زنجیرەی پێشڕەوەکەت بناسە

( ١ )

## پاسۆک

## لە چەند دێڕێکدا


١٩٨٠ ی زایینی

٢٥٩٢ ی کوردی

ئەی جەماوەری زەحمەتکێش و ڕەنجدەرانی کورد .
ئەی ڕۆلە بە ئەمەك و دڵسۆزەکانی کورد .
ئەی جەنگاوەرانی ڕێی ڕزگاری و سەربەخۆیی .
ئەی جیهانی نووستوو لە ئاستی کوردا .

مرۆڤ لەم گۆی زەویەی کە تێیدا دەژی پیرۆزترین و بە هۆش ترین و کاریگەر ترین زیندەوەرە . تاکە گیان لە بەرێکە هەست و هۆش و ویستی خۆی لە چنگ خۆیدا بێت و خۆی گەورە و سەرداری خۆی بێت . یاسا و هەڵکەوت و دەستوراتی خوا کردی خۆرسکی مرۆڤ لە هی هەموو گیاندارانی دیکە جیاواز و بالا تریشە .
ئەم مرۆڤانە ئەگەر چی بە ڕەچەڵەکیش یەکن ، بەلام بە هۆی گۆران و گەشە و نەشوو نمای ژیانی هەزاران ساڵەی کۆمەلایەتی یەوە لێك جیابوونەتەوە و بوون بە چەند سەد کۆمەڵێکی جیاواز و سەربەخۆ و هەر یەکەی خەسڵەت و تایبەتکاری خۆی هەیە ، هەر کۆمەڵەی ( زمان و نیشتمان و مێژوو و نەریت و داب و دەستووری کۆمەلایەتی و هەست و نەستی ) هاوبەش و سەربەخۆی هەیە کە لە کۆمەڵێکی دیکەی جیا دەکاتەوە و ڕەنگ و سنوور و قاڵبی نەتەوایەتیان دەکێشێ و هەر نەتەوەیەی لە سنووری خاکە مێژوویی یەکەی سەربەخۆی مافی ئەوەی هەیە بوونی نەتەوایەتی خۆی بپارێزێ و کیانی سیاسی کە ( دەوڵەتە ) و دەستووری کۆمەلایەتی و ڕێچکەی ئابووری و سەرتاپا کار و باری ژیانی خۆی بەدەستی خۆیەوە بێت و خۆی چی لە بەرژەوەندی ڕەوایدایە دیاری بکات ، بێ ئەوەی دەست بکێشێتە ویست و مافی نەتەوەیەکی ترەوە یان چاو ببڕێتە سامان و

بوونی کە سەیکی ترەوە ٠
ئەمەش دەستووری یەزدان ڕەنگ ڕێژ و ڕێبازی مێژوویی گۆڕان وگەشەکردنی کۆمەڵایەتی و چارە نووسی مرۆڤە ، بە ویست و خواستی کەس نی یە و بەریشی پێ ناگیرێ ، هەموو بەرەنگاریەکی ئەم ڕاستیە یانی شێواندنی‌ودژی سەرەتا و بنەمای ژیانە و هەموو شێواندنێکی ڕووی ڕاست و پاك و ئیجابی ئەم دەستوور و ڕێچکەیە لە ژێر هەر ناوێکدا بێت و دژ بە مرۆڤ و مرۆڤایەتی یە و وەکو دیاردە یەکی نا پەسەند و نەگونجاو و زۆڵەك هەر تیا دەچێ ٠ هەموو هەوڵێکیش بۆ هەڵتەکاندنی ئەم ڕاستی یە مێژوویی یە و ئەم بیرە خۆرسکە نەتەوایەتی یە لە ژێر ناوی چینایەتی و مەذ هەبی و برایەتی و ڕەگەز پەرستی و ئیستعمار و هەر فرت و فێڵێکی تری چاو چنۆکانە و بیر ڕزیوانەدا سەر ناگرێ و خۆی بەرەو ڕیسوا بوون و هەڵتەکان دەچێ ٠ کارێکی دژی مرۆڤ و مرۆڤایەتی یە ٠ بۆ چاویەست و دادۆشین و لە ناو بردنی بوونی نەتەوایەتی و دەستووری ژیانە ٠٠٠٠ ئێمەی ( کورد ) یش وەکو هەر نەتەوەیەکی ڕەسەن و ڕەگ داکوتاوی مێژووی هەزاران ساڵە لە سەر ئەم خاکە پیرۆزە گیانبازی دەکەین و باب و باپیرانمان پاسەوانی شەو نخوونی ئەم نیشتمانە بوون و هەزاران هەزار ڕۆڵەی بە شەرەف و قارەمانی ئەم نەتەوە ئەمرە بوونەتە چەپەری پاراستنی بوونی نەتەوایەتی و ئابڕووی میللیمان و هەرگیز سەرمان بۆ هیچ داگیرکەرێك و دوژمنێك شۆڕ نەکردووە و بەگیان و خوێنمان پارێزگاری وولاتەکەمان کردووە کە شەرەف و کەرامەت و ژیانمانە ٠ چونکە ئەوەی وولاتی نەبێ دەبێ هەمیشە وەك خزمەتکار و کۆیلە لە

پاشماوەی خوانی خەڵکی بخوات و لە تاپی بێگانەدا بژی و بمرێ •
شەرەف وکەرامەت و ژیانی بە دەست داگیرکەر و بێگانەوە دەبێت و بە
پێی دەستووری ( پەلەی ژیان ) مافی ژیان و مانەوەی نی یە •
چونکە نەیتوانیوە کەرسە و هۆی مانەوە ، کە وولاتە بپارێزێ •
زمانی پاراو و ڕەسەنی کوردیش ئەگەر چی بۆی هەڵنەکەوتووە کە
خزمەت بکرێ و وەکو نەتەوەکانی دیکە قوتابخانە و دانیشگا و دەزگای
پاراستن و گەشە و برەو پێدانی بۆ بڕەخسێت ، بەڵکو لە هەموو لایەکیش
وە دەمیان پێ ژەنیوە و بە درو و بوختان وبستویانە وەك بەشە ماڵە
میراتی هەریەکە بیخاتە سەر بەشی خۆی ، ڕۆژی بە لقێ یان زاراوە
یەکی فارسی دانراوین و تاوێك براوینەتە سەر زمانی عەرەبی و تورکەکا
نیش بە تورکی شاخاوی و زمانی شکاوی خۆیانیان حسێب کرد وویەن
بەلام دەوڵەمەندی و پاك و پاراوی و سەربەخۆیی و تایبەتکاری زمانە
شیرینەکەمان زۆر لە درۆ و دەلەسەی ئەمانە بڵند تر و خۆگر تر بووە "
بۆیە لەم دواییانەدا دۆست و دوژمنانمان ناچار بوون دان بنێن
بە ڕەسەنایەتی و سەربەخۆیی و تایبەتکاری زمانەکەمان و بە یەکی لە هەرە
زمانە زیندوو و دەوڵەمەند و بەر فراوان و ڕەسەنەکانی دنیا بدرێتە قەڵەم و
مێژوو واقعی ئیمرۆش ئەوە دەردەخات کە زمانی کوردی دەشێ ببێتە
زمانی ژیاری و شارستانیەتیکی زۆر مەزنیش و بسینە برکێ بکات لەگەڵ
زمانە پێشکەوتووەکانی وەکو :
ئینگلیزی — و — فەرەنسی — و — ئەڵەمانی — یشدا

مێژووی پڕ قارەمانێتی و شانازی کوردیش بێ نموونە و هاوتایە لە جیهاندا داگیرکەرانی کوردستان هەر لە ( نارامسین ) و ( ئاشوربانیپاڵ )ەوە تا دەگاتە ( گەزەنەفون ) و ( ڕۆمانیان ) و فارس و تورکەوە تا تێ دەپەڕی بۆ ئیستیعماری ئینگلیز و بەرەوگرانی ئەو ئیستیعمارەش ئێستا لە کوردستاندا ، لە ئاست ئازایەتی و بلیمەتی کورد چۆکی بێ شەرمیان داداوە و نەیانتوانیوە ئەو قارەمانیەتی یە وەشارن • هەر ئەو نەبەردی و دلێریەی کوردیش بووە و زۆر جاران دوژمنانی شێتگیرکردووە ، شکستیان بردووە ، هەڵدێراون •• هەموو بن بەردێکی کوردستان هەموو ژێر دار بەروویەك ، هەموو بستێکی چیا و دۆڵ و مێرگ و نزار و دەشتێکی کوردستان داستانێکی قارەمانێتی و نەبەردی کورد دەگێڕێتەوە •• تا وای لێ هاتووە کە مێژوونووس و ڕۆژهەلاتناسان ناوی ( شنۆرەسوارانی ئاسیا ) لە کورد بنێن • ئیتر چۆن دەبێ بوون لە ئاست ئەم نەتەوە دلێرەدا ورنەبێ و چۆن شانازێتی کورد بە خۆی و باوو باپیرانیەوە نەگاتە ترۆپکی چیا سەرکەشەکانی نیشتمانەکەیەوە نەریت و داب و دەستووری کۆمەلایەتی و هەستی خۆ بە کورد زانینی کوردیش لە نەبوونی و قەوارەیەکی سیاسیدا و ئەو هەموو دەست درێژی و هەوڵی لەگریژەنە بردنەی دوژمنانیشی توانیویەتی سەربەخۆیی و تایبەتکاری خۆی بپارێزێ و تەلاری ژیانی کۆمەلایەتی و شێوە و جۆری ژیان و پەیوەندیەکانی نێوکۆمەڵ و جۆرێکی تایبەتی شێوازی ژیان و پێکەوە هەڵکردنی کۆمەلایەتی نێوکۆمەڵگای کوردەواری کە بوونەتە دەستوور و بوون و ژیانی لە چوارچێوەیەکی دیاری و هەمیشە بەرەوپێش چووداا

دارێژاوە و بوونی تام و چێژیکی کوردانەی لێ نیشتووە و هەموو خەسڵەتەکانی تایبەتکاری ( نەتەوە ) بۆ خۆی کێشاوە • ئەمانەش کە نیشانە و دیاردە و خەسڵەتەکانی ( نەتەوەن ) بەوپەڕی ڕوونی و ئەوپەڕی باڵندی و پیرۆزی لە نەتەوەی کوردا کۆبوونەتەوە و گەواهی ( نەتەوە ) یی و ڕەسەنایەتی کوردن ، بەپێی ئەو دەستووری ژیان و بوونەوە و ڕیچکە پێشکەوتووەی مێژوویی و مرۆڤایەتی یە کورد وەك هەر نەتەوەیەکی تر مافی ( ئازادی و سەربەخۆیی ) هەیە و دەبێ بوونی نەتەوایەتی خۆی لە قەوارەیەکی سیاسی دیاری کراودا کە ( دەوڵەتی سەربەخۆ ) یە بپارێزێ و ئەو جۆر و شێوە گونجاوەی ڕژێمی سیاسی و ئابووری و دەستووری کۆمەلایەتی یەی دەگونجێ لەگەڵ بەرژەوەندی و باری دەروونی و ویست و گیانی مەعنەویدا بۆ خۆی هەڵبژێرێ بە کورتیەکەی ( کورد خۆی حوکمی خۆی بکات و خۆی بەری بەرێوە ) وە هیچ دەسەلاتێکی بێگانە بە کورد خۆی لە ژیان و بەرژەوەندی و دەستووری ژیانی هەڵنەقورتێنێ •• و لە سەر بناغەی دۆستایەتی لەگەڵ هەموو نەتەوەکانی جیهاندا بگرێت و بەشداری کاروانی ژیانی مرۆڤایەتی بکات •••

ئێمەی ( پارتی سۆشیالیستی کورد ) " پاسۆك " تێ دەکۆشین بۆ : یەکگرتنەوە و ڕزگاری و ئازادی کورد و کوردستان • یەکگرتنەوەی خاکی پیرۆزی باوو باپیرمان ، کە ئیستعماری ئینگلیزی پاش جەنگی جیهانی یەکەم و ڕزگار بوونی کورد لە دەستی دەوڵەتە گەندەڵە مل هوڕەکەی عوسمانیدا وەکو ئاردی ناو دڕك بەخشینەوە بە سەر چوار دەوڵەتەوە

بۆ جێ بە جێ کردنی پیلانە گڵاوەکانی خۆی و بە تاڵان بردنی سامانی نەتەوایەتیمان و چەوساندنەوەمان پەرتکردین و هەر بەشەی خستینە سەر وولاتێك ، بەشێکی داین بە عێراق و بەشێکی داین بە ئێران و بەشێکی داین بە تورکیا و بەشێکیش بە سوریا ، بەشە بەستراوەکەی بە ئیرانیشەوە وەکو ( امر الواقع ) یێك مایەوە و چەسپا ، کاتی خۆشی قەیسەرەکانی ڕووس پشکی خۆیان برد بوو !! دیارە ئەم ئامانجە پیرۆزە بڵندە ئەوەندە سەخت و ئاڵۆزە .. بەڵام هیچ ئامانجێکی پیرۆز و زەوایەکی بڵند بێ سەختی و ئاڵۆزی نا بێت و تا ڕێگا سەخت بێت و کێشە کە ئاڵۆز بێت ئەو ئامانجە هێندە پێویست و پیرۆز تر دە بێت ...
هەرچەندە دوژمنان و خۆ فروشانی ناو خۆ دیانەوێ ئەم ئامانجە بە هەر ڕێگا یەکی ساختە و نا دروست لە بیر کوردی بەرنەوە و نیوە و نیوە چڵ و فشە ماف مەسەلە بنەرەتیەکەمان لە بار بەرن ، بەوەدا کە تۆوی ناوچە گەرێتی و خۆ بەستنەوە بە دەسەڵات داریە داگیرکەرەکانی کوردستانەوە و ناساندنی بیری نەتەوایەتی !! زۆر جاران پەنا دەبەنە بەر درۆ و دەلەسە و تۆمەت هەڵبەستن بەو نەتەوەیی یە دڵسۆزانەی سەر لە بەری واقعی بە سەردا سەپاوی کورد ڕەت دەکەنەوە و مل بۆ داگیرکردن و چەوساندنەوە نا دەن .. یان بیری چەوتی بێگانە و نا جۆر لە ناو کۆمەڵدا بلاو دەکەنەوە و دیانەوێ شەرەکە بخەنە ناو خۆ و ناو کۆمەڵگای کوردەواریەوە و پشت لە داگیرکەر و دوژمنە سەرەکیەکانمان هەڵکەین ... تا بێ شەرمی و بێ ئابروویی یان گەیشتووەتە ئەو ڕادەیەی گێل و عەوام هەڵخەڵەتێن ، کۆمەڵانی خەڵك بەوە چەواشە کەن کە

ئێمە پارچە یەکمان بۆ ڕزگار ناکرێت ، چ جای چوار پارچە ، و زۆر جاریش ئەمە بە لاقرتی و گاڵتە پێ کردنەوە بە ڕووی نەتەوەییەکاندا دەدەنەوە ...
بۆیە پێویستە ئەم خاڵانە لە بەر چاو گیرێ :
١ ـ مەسەلەی یەکێتی کۆمەڵگای کورد ەواری و هاو ژیانی کورد و سەربەخۆیی میللی سەرمایەکە هیچ چەند و چوونێکی ناوێ و واقعی بوونی کورد هەموو بۆ چوونێکی تر ئەپوکێنێتەوە .
٢ ـ ئیمڕۆ و سبەی و سەد سالی دی بتوانین و نەتوانین ، ئەو بارە و هەل و مەرجە خۆش بێت هیچ لە ڕەوا و پێویستی مەسەلەکە ناگۆڕێ و ئەمەش حوکمی مێژوو ڕەوتی بەرەو پێش چوونەتی .
٣ ـ ئێمە لە سەرمانە هەرچی لە تواناماندایە و بە پێی هەل و مەرجی هەڵکەوتوو هەنگاو بۆ ئەم ئامانجە بنێین و گەورەترین ئامانجێکی بەر چاومان بێت ، هەموو ( تنازل ) و خۆ دان بە دەستەوەیەکیش لەسەر حسابی ئەم مەسەلە پیرۆزە ناپاکی و خیانەتە بە کورد . .. هیچ کەسێکیش ( لە پڕێ نەبووە بە کوڕێ ) و هەموو کارێکی مەزن سەختی و ناڕەحەتی لە پێشە ، وە هیچ شتێك نی یە لە دەست ویست و خواستی مرۆڤ دەرچێ گەر مرۆڤە کە خۆی بیەوێ ... ووتویانە ( ڕێی میللی بە هەنگاوێ دەست پێ دەکات ) ... ئەگەر ڕێگا پیرۆزەکەی ئێمەش هەزار میل بێت ، هەر بە هەنگاوێ دەست پێ دەکات و هەموو هەنگاوێ بنێ هەنگاوێ لە ( بنکە ) وە دوور دەکەوێتەوە و هەنگاوێ لە مەبەست نیزك دەبێتەوە هەموو هەنگاوەکان یەك خرێن هێندە نابات ڕێی هەزار میلە کە دەبڕین ... بەلام ئەگەر هەر دانیشین و دووری ڕێگا پەکمان

بخات و وورەمـان پێ بەر بدات ، هەر لە شـوێنی خۆمان بەرەو خراپتریش
ڕۆ دەچیـن ...

٤ ـ ئێمـە لەو گێل و خۆفرۆشانە پتر سـەختی ڕێگا دەزانین ، ئامانجێکـی وا مـەزن و پیرۆز لەوانەیە دەیان قۆناغ و ووچانی گەرەك بێت .. بـۆیـە ( پاسـۆك ) لە پرۆگرامـی خۆیدا دیاری کردووە کە ( ئەوپەڕی مـمـکـن لە زەمـەنێکدا ئامـانجی کاتیمـانە ) ... بە مـانا چی بـە تـوانـاو دەسـەلاتی سـیاسـی و عـەسـکەری کوردا بێت و هەر قۆناغـەی چەنـد هەڵبگرێ ئێمـە بە دەسـکەوتێکی چاکی دەزانین ... بەلام وەکو خەلکی تر ئیتر بە دیار ئەو دەسـتکەوتە کاتی و نیمـچە مـافـەوە دۆش دانامـێنین و نایکەینە بت و مـێشـك و هۆش کوردی بۆ بکەینە بتخانە ... ئەو دەسـکەوتە بوون و بەخۆدا چوونەوە و خۆ کۆکرد نەوەیە بۆ هەنگاوێکی چاکتر ، بـۆ گۆڕینێکی تر ، بۆ زێدە ڕوون کرد نەوە هەمـیشـە ووتویانە :

ئەگەر کورد لە هەر پارچەیەکی کوردسـتاندا بتوانێ ( ئەوپەڕی مـمـکن ) بە دەسـت بهێنێ کە ( خود مـختاری ) یە ، ئەگەر داوای ( لامەرکەزی ) بکات ویان پێی قایل بێت خیانەتە ... خۆ ئەگەر پەلپی ( یەکـێـتـی فیدرالی ) ی بکات شـێتێتی و خەیاڵ بازی یە ، بەلام هەمـیشـە ( ئەوپەڕی مـمـکن ) و پتریش لە بەر چاو بگیرێ :

چونکە هەمیشە بار و هەل و مەرجی وا دێتە پێش کە شوێن گۆڕکێ بە ئامانجە کاتی یەکان دەکات و زەمینەی دەسکەوتی پتر خۆش دە بێت ، بە مانای ئەوەی ئەگەر لە قۆناغێکی دیاریدا ئامانجی کاتی بە خود موختاری یەکەوە شەتەك بدەین . بە کورتیەکەی دەبێ سوود لە هەموو هەل و هەلکەوتێك وەرگرین و

هەمیشە بە ئاگا بین کە هیچ هەلێك بۆ هیچ اعتباریك لە دەست خۆمان نەدەین

٥ ـ ئێمە بمانەوێ و نەمانەوێ ، لە هەموو حالەت و جارێکدا دوژمنان و داگیرکەرانی کورد بەو پەڕی توندی و توانایانەوە دەمان کوتنەوە ، بچوکترین داواکاری مافی کورد گەورەترین دوژمنایەتی و زەبری دژ بەکار دێت ٠٠ هەرگیز دوژمن رەحمی نا تلیسێتەوە و بە پێی داواکاریەکەت زەبرت لێ نا وەشێ ٠٠٠ هەمیشە ئەو پەڕی توانا و دەسەلاتی بە خەرج بۆ لێدانی بچوکترین جولانەوەی داواکاری مافی رەوامان ٠٠٠ و پەنا دەباتە بەر هەمە جۆرە پلان و شێوە سەرکوتاندنەوە و جۆرە داپلۆسینێك بۆیە ئەگەر داوای ( لامەرکەزی ) بکەین بە رەحم تر نا بێت لەگەڵماندا وەك لەوەی داوای ( خود مختاری ) بکەین و یان ( یەکێتی فیدرالی ) و یان هەتا ( جیا بوونەوەش ) ! ئەوەی کە ئامانجە کاتیەکان دیاری دەکات و مل بە دوژمن دەدات هێزی کورد و لەباری هەل و مەرجەکەیە و بەس ٠٠٠ ئایا جولانەوەیەکی کورد بە ناوی ( جیا خوازی ) و ( جیا بوونەوە ) سەرکوت نەکراوە ؟ ٠٠٠ ئایا لە داواکاری بچوکترین ماندا بەوپەڕی دڕندەیەتی و توانایان بەرەنگارمان نەبوونەتەوە ؟ ٠٠٠٠ زۆر جاران سیاسی یەگێل و خۆ بە دەسەوە دەرەکان و پارت و رێکخراوە ناوەراست رەو و نانەتەوەیی یەکان ، هۆش و بیر و خواستی جەماوەر بەوە سست دەکەن کە گوایە (تکتیك ) دەکەن ! و ( تاکتیك ) وا پێویست دەکات ! ئەم سیاسەت و مەنطقی ( تکتیك )بازییە بەهانەی داوە بە دەست ئەو نا کوردانەی کە مەسەلەی رەوای کورد یان کرد وتە قوتەرات و

له ساحەی سیاسیدا بازاری ( مناقصات ) خۆش دەکەن ... بۆ زێدە ڕوون کردنەوەی ئەم خالانە بەکورتی دەڵێین :
مەبەست و بیر و باوەڕ و هەوڵ ( پارت پارتێنە ) و ( خۆمان خۆمانە ) و ( خۆ قەڵەوکردن ) و دەسکەوتی تەسکی ( حیزبایەتی ) و بەرژەوەندی ( بیرێك .!! ) ئەو بارەی ڕەخساندووە کە هەر لایەی بۆ ئەوەی لاکەی دیکە بۆری نەدا و دەسکەوتێکی حیزبی تەسکی چنگ نەکەوێ لە بازاری سیاسەتدا ئامادەیە کە لە زۆرشت بێتە خوارێ و وەکو قۆنتەرات بە ( کەمتر بیکات ) و قایل بێت ! .. سەرەتای ڕاست دەبێ بۆر بۆرێن و بینە پرکێ بێت بۆ پتر پێ داگرتن و خۆ نەدان بە دەستەوە و سوور تر بون لە سەر مافی ڕەوا و پتر دەسکەوتی میللی و جەماوەری و بینە برکێی پتر خزمەتی کورد نەك دەسکەوت و بەرژەوەندی تایبەتی و حیزبایەتی تەسك بۆیە بەهانەی ( تەکتیك ) و مەنطقی گیری خۆ دان بە دەستەوە ئەو لایەنانە دەخزێنە چالی ناپاکی وکوردیش بەزەو لە دەست دانی هەل و هەلکەوتەکانی دەبات ... بۆ هەر شۆفێنیست و دەمارگیر و خۆ پەسەندێکی بێگانە و ناوخۆش بە ساکاری و زمانی جەماوەر دەڵێین :
ئایا کورد هەموو مەرجەکانی نەتەوەی تێدا نی یە ؟کە تێیدا بێت ... ئایا مافی نی یە وەکو هەموو نەتەوەیەکی دیکە خاکی خۆی یەك خات ، مافی ئەوەی نی یە وەکو هەموو گەلانی سەر ئەم جیهانە قەوارەی سیاسی خۆی هەبێت ... کیانی سیاسی خۆی هەبێت ؟ ....
ئایا ئەم داوا کاریەی کورد داواکارییەکی ڕەوا نی یە ؟ ....
ئەوپەڕی پێشکەوتن و پێشکەوتن خوازی نی یە ؟ ....

ئێمەی ( پاسۆك ) دژی ( واقع ) ێك دەوەستینەوە کە بە زۆر و زەبر و زەنگ و فرت و فێڵی نێو دەوڵەتان ئیستعماری ئینگلیزی و فەرەنسی و دار و دەستەکانی لە ناوچەکەدا بە سەر کورد یانا سەپاندووە ...
ئێمە دژی بارێکی نا سروشتی دەوەستین کە بە زۆر و بە دژی ویست و خواستی مرۆڤی کورد بە دەستی ئیمپریالیزمی جیهانی لە ملمان ئاڵێندراوە ... ئێمە دژی بەش بەش کردنی خاکی میللەتێکی قارەمانین ئێمە دژی کردنە ( عەرەب و تورك و فارس ) ی کوردین ....
ئێمە دژی چەوساندنەوە و ڕوتاندنەوە و دادۆشینین ... ئایا دەبێ چ ئامانجێك لەم ئامانجە پیرۆز و مرۆڤانەتر بێت ؟ ئایا کام ( پێشکەوتنخوازە ساختەیە ) دەبێ لەم پێشکەوتنخوازانەتر بێت ؟
ئەوانەی بە ساختە بۆباخی پێشکەوتنخوازی و بەرچاو ڕوونی لە خۆیان دەدەن ... مل بۆ واقعێکی نا پەسەند و چەوت و سەپێندراو دەدەن و بە گۆرانی سەر ئاوی فشە مافێك قایل دەبن ... ئێمە سەر لەبەری ئەو واقعە ڕەت دەکەینەوە و بڕوامان بە هەڵتەکاندنیانە .. ئێمە دەمانەوێ ڕووی سروشتی و خۆرسکی ژیانی کوردەواری مێژوو کرد بگێڕینەوە بۆ ناو کۆمەڵگای کوردەواری ... ئایا ئەمە پێشکەوتنخوازی و ئازادیخوازی و مرۆڤ دۆستی یە ، یان ( ئەفیون چێنەکانی ) کورد ستار بۆ بۆ هەموو نەتەوەکانی جیهان ڕەوا بێت ، کیانیان هەبێت ، تێ بکۆشن بۆ یەکێتی میللی و وولاتیان ، کەچی بۆ کورد ( تمسك ) بین و ( تاك ڕەوی ) و (جیا خوازی ) بێت ! ئایا جیاوازی تاوانە . ئەگەر وا بێت هەموو جولانەوەکانی گەلانی چەوساوە نا ڕەوا یە !! ...

ئایا ئامانجی ئێمه مێژووکرده و جووته لەگەڵ ڕەوتی بەرەو پێش چووی مێژوو یان دژ و بەرەنگاریەتی ؟ ... ئایا لە سەرمان نی یە بە پێی مەنطقی مێژوو دادی کۆمەلایەتی و ڕەوای نێو گەلان خەبات بکەین ! . کە دوژمنایەتی پەرۆگرانی ئیستعمار و دار و دەستەکانی دەکەین .. ئایا ئەمە ئەوپەری ترۆیکی خەباتی ڕەوای مرۆڤایەتی نی یە . ئایا لە سەر مان نی یە بەچکە ئیستعماریەکان ڕیسوا کەین .ئایا لە سەرمان نی یە پاسەوانی سنووری دەسکرد و سەپێنراو بێچووی گەرا هەلاتوەکانی ئیستعمار لە ناوچەکەدا پاکتاو کەین ؟ . ئایا ئەمە گەورەترین بەشداری خەباتی مرۆڤایەتی نی یە دژی ئیمپریالیزم و دار و دەستەکانی ... ئەوپەری ڕەوا نی یە ! دەبێ چ ویژدان مردوو وخۆفروش و قورمیشکراوێك برواى ئەوەی هەبێت بە (نە.) وەلام بداتەوە ... کە وەلامیشی دایەوە ئەوپەری مل هوری و بێ شەرمی نی یە ! .....

ئێمەی پاسۆك تێ دەکۆشین بۆ :

ـ دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی بێ چەوساندنەوە و ڕووتاندنەوە ..... کەس بەری بەرهەمی کەس نەخوات وکەس لەبەر شان و ڕەنجی کەس بلند نەبێتەوە و هەلی چوون یەکی بۆ هەموو تاکێکی کۆمەڵگا برەخسێندرێ ، چی پێ یە وچی دەتوانێ پێشکەشی کۆمەڵی کات و بە پێی ئەو پێشکەشی یە بەرهەم و دەستکەوتی مادی و مەعنەوی خۆی هەبێت .. سوود لە هەموو بەهرەیەکی هەلکەوتوو دەگرین و دەمانەوێ لە خزمەتی کۆمەڵدا بێت ... بەر بە هەموو خۆسەپاندن و ( امتیاز ) یێکی چینایەتی و بنەماڵەیی و سیاسی و ئاینی دەگرین وکورد هەموو

چوون یەکن لە ئاست ( دەستوور ) و کۆمەڵگادا و تەنها بەهرە و هەڵکەوتووی شەخسی شوێن و پلەی هەر یەکێك دیاری دەکات ......
کار بۆ کریکارە ... زەوی بۆ جووتیارە ... و ڕەنجی هەموو کەسێك بۆ خۆیەتی ... بەو مەرجەی لە خزمەتی کۆمەڵدا بن .......
دیارە تا (کیان) مان نە بێت ، سەربەخۆ و ئازاد نەبین ، ناتوانین نە کار بدەین بە کرێکار و نە زەوی بدەین بە جووتیار و نە ڕێ لە جەردەیی و ڕووتاندنەوەش بگرین ... ئەوەی کە بەڵێن وگفتی درۆش دەدات و لە خۆوە ئاخوڕی بێ ماین هەڵدەبەستێ ، چەواشەکەر و جادوگەرە و دەیەوێ بە درۆ بانگاشەی ساختە و چاو بەستێ لە خشتە بەری و ڕاوەژیشکیشی پێ دەکات ... بۆیە ئێمە بانگ لە جەماوەری زەحمەتکێش و ڕەنجدەرانی کورد و هەموو دڵسۆزانی کورد دەکەین ـ بۆ ( یەکگرتنەوە و رزگاری کوردستان ) و بنیاتنانی کیانی کوردی تا لە ژێر سایەی ئەو کیانەدا :
کار بۆ کرێکار بێت .
زەوی بۆ جووتیار بێت .
هەر کەس بەری ڕەنجی خۆی بۆ خۆی بێت .
ئازاد و سەربەخۆ بێت .
ڕێز لە هەستی ئاینی و خوا ناسی بگیرێ .
ڕێز لە بیر و باوەڕی سیاسی بگیرێ .
کۆمەڵگای چوون یەکی و بێ چەوساندنەوە دابمەزرێ و بەهرە و لێهاتوویی، هەر یەکە شوێن و پلەی کۆمەلایەتی دیاری بکات ...

بێ ئەو ( یەکگرتنەوە ) و ( ڕزگاری ) و ( کیانە ) مەحاڵە ئامانجە کۆمەلایەتی یەکان بێنە دی ... یەکێ شتێکی نەبێت و خاوەنی شتێك نەبێت . لە خۆرایی و بەرزە حەوایی چ دەبەخشێ ... ئایا ئەمە ( بەهەشت فرۆشتن ) ە ساختەکانی پاپاکانی سەدەکانی ناوەڕاست نی یە لەبەرگێکی بریقەدار ... ئایا ئەمە کلیلێکی ( بەهەشت ) دان نی یە بە پیاو کوژان ! بە کورتی و بە کوردی بەبێ هیچ و بەنا و عەوام هەلخەلەتاندن دەلێین :

با هەموان کوردستان یەك خەین و ڕزگاری کەین تا کورد وەکو مرۆڤ لە ئامێزیدا بژی .

ئێمەی پاسۆك باوەڕمان :

ـ بە دۆستایەتی و هاریکاری نێو گەلان همیە .. و خۆمان بە دۆستی هەموو لایەکی خێرخوا و دۆستی کورد دەزانین .. کورد وکورد برایە و کورد و نەتەوەیەکی دی ( ئەگەر دۆستایەتیمان بکەن ) دۆستن . و بڕوامان بە دۆستایەتی و هاریکاری و هاوکاری نێو گەلان هەیە ، بەو مەرجەی ئاغا و نۆکەرایەتی و برا گەورەیی و برا گچکەیی نە بێت و ڕێز و هەلس وکەوت و تەعامولی بەرابەری هەبێت ... ئێمە دژی ئەو ناپاکانین کە کورد بە کەم دەگرن و دەیکەنە خزمەتکاری لایەکی دیکە ... ئێمە دژی ئەو ووڕە ڕوخاوانین کە بڕوایان بە نەتەوە دلێرەکەی ئاسیا ( کورد ) نی یە . ئێمە دژی ئەو بیر و باوەڕانین کە لە بلندی و پیرۆزی کورد کەم دەکەنەوە . ئێمە پێمان وایە کورد لە هیچ نەتەوەیەکی دیکە کەمتر نی یە ...

ئێمەی پاسۆك هەر کەس و لا وکۆڕ وکۆمەڵ و نەتەوەیەك دۆستایەتیمان بکات ، پێشوازی لێ دەکەین و بە دۆستی خۆمانی دەزانین و هەر کەسێکیش دوژمنایەتیمان بکات دوژمنایەتی دەکەین ئیتر هەر چی چارشێوێکیش لە خۆی ئالێنێ ! ...

باوەڕمان بە هەموو سەربەستی و مافەکانی مرۆڤە ... باوەڕمان بە پێشکەوتن و زانست و ئاین و داب و دەستووری خێرمەندانە هەیە. باوەڕمان بە مرۆڤە کە بڵند ترین بوونەوەرێکە ... هیچ شتێك لە جیهاندا سەر دەستی مرۆڤ نا کەوێ ... ئێمە باوەڕمان بە فەلسەفەی کوردایەتی یە کە فەلسەفەی مرۆڤایەتی یە ..... هەر بیرێکیش لە نرخ و پایەی مرۆڤ کەم کاتەوە بە توندی ڕەتی دەکەینەوە.

دژی براکوژی وکورد کوشتنین .

لەگەڵ یەکێتی ڕیزەکانی کۆمەڵگای کورد ەواریدایین .

دژی خۆ فروشتن وکورد فرۆشتن و سەودا و مامەڵەین .

لەگەڵ تێکۆشان و دڵسۆزی و هەوڵی ئەکداین .

دژی خۆ دان بە دەستەوە وکورد دۆڕاندنین .

لەگەڵ سوور بوون و تەواوی مافی کوردین .

دژی خۆمانە و خۆمانە و بەرژەوەندی تەسکی شەخصی و حیزبیین .

دژی داگیرکەرین بە هەموو ڕەنگ و شێوەکانیەوە .

لەگەڵ هاریکاری و هاوکاری و بەرژەوەندی بەرزی کوردین .

لەگەڵ کوردین لە سەنگەری دڵسۆزیدا .

ئێمە کوردین پێش ئەوەی شتێکی تر بین ••• لەگەڵ بەرژەوەندی کورد
داین پێش ئەوەی لەگەڵ شتێکی تر بین ••• کورد و کورد بە برا
دەزانین پێش ئەوەی هیچ شتێکی تر بزانین •••

بیر و باوەڕی کوردایەتی پیرۆز بیر و باوەڕ و فەلسەفە و ڕژێمانە ••
هەر نا کوردێکیش تەنگە تاوە پێی ، ( خۆ بە کەم زانین ) و ( نۆکەرایە
تی ) لێ پیرۆز بێت •

پشت و پەناشمان خوا و جەماوەری زەحمەتکێش و کۆڵنەدەری
نەتەوەکەمانە •

هەر شەکاوە بێت بیر و باوەڕی پیرۆزی کوردایەتی •

سەرکەوتن بۆ خەباتی ڕەوامان و تێشکان و نەمان بۆ دوژمنانی •

پارتی سۆسیالیستی کورد

پاسۆک

لقی ئەوروپا

ئەویش بڵاوی کردۆتەوە

---

لە بڵاوکراوەکانی

بەشی پەخش و ڕاگەیاندنی

سەرکردایەتی هەرێمی باشووری

پارتی سۆسیالیستی کورد

( پاسۆک )